# من ماسکم هەیە....من ماسکم نیە !

ئەنوەری ڕەشی عەولا

وای بۆ دەچم، ئەو ئافرەتەی نەخوازێ ئەگرەسیڤیەتی پیاوەکەی (هاوەڵی،دۆستی،هاوسەری)دا بمرکێنێتەوە ئەوا (ئاشقی ،خەمخۆری ،هاودەمی) پیاوەکەی نیە !

ناتوانێ لە سروتێکی بێسرەوتدا،ببێتە شیعر و پیاویش بە شاعیر.ناتوانێ ببێتە گوڵ و پیاویش بە باران.

ناتوانێ ببێتە شەونم و پیاویش بە تیشکێکی مەلەوان.

گەر دوور دوور بڕۆم،من ئافرەت بە ئازادتر دەبینم لە پیاو! بەڵێ ئافرەتان لە دەرەوەڕا داگیرکراون وکۆیلەن وەلێ پیاوان لە ناوەوەڕا خۆیان داگیر کردووە و کۆیلەن ! چونکە مرۆڤی ئازاد بەهێزەو میکانیزمە شاراوەکانی ئەو هێزەشە، ئیرۆسیەتی (ژیاندۆستی) لێهەڵدەقوڵێنێ. کەچی ئێمەی پیاو-بوون-ێکی نەخۆش و تاناتۆسیمان (مەرگدۆسقی) خوڵقاندووە! بنۆڕە...ئێمەی پیاو پاڵەوانی گشت شانۆکان بووین و هەین ، بەلاّم تۆمان کردۆتە کۆمبارسی سەرکەوتنەکانی خۆمان .

گەر (من)ی پیاو لە ناوی ناوەوەمدا بچکۆلەیی خۆمم بناسیبا ، ئاوها بێ قەید و شەرت و نابینایانە،ئاشقە ڕووتەی خۆم نەدەبووم و ئەو نەخۆشیە بونیادییەم، هێند نابینای نەدەکردم لە ئاست بێهێزیەڕاستەقینەکەی خۆمدا.هاتم و تۆم داگیرکرد ،تا بڵێم: (منم بەهێز) ! ئێمەی پیاو ترسنۆکترین مەخلوقی وجودین ! دەنا ئاوهامان لە( جەستەی ڕۆحی) تۆ و (ڕۆحی جەستەی) وجود نەدەکرد ! باشە..گەر لە ترسنۆکیمانەوە نەبێت، بۆ گەرەکمانە ئێوە بترسێنین ؟ گەر لە کۆیلەتیمانەوە نەبێت ، بۆ دەبێت ئێوە کۆیلە بکەین ؟! یەکەمجارە ئێمەی پیاو داوای بەزەیی لە ئێوەی بەهێز دەکەین ،ئەوەش هێندەیتر بەخشندەترتان دەکات. ئێوە جوانترن لە ئێمە ، گەر ئێوە داوای بەزەییتان لە ئێمە بکردایە دەمانفلیقاندنەوە ،هەروەك کردومانە و دەیکەین!

کەچی ڕیاکارانە داوای ئازادیشتان بۆ دەکەین- لە کێ..سیستەمەکان..حکومەتەکان ..دەزگا باوکیەکان تاد

- داخوا نازانین خۆمان سیستەمە بێ سیستەمەکانین..و بێ سیستەمیەتە سیستماتیزەکراوەکانیشین ؟

وێدەچێ مرۆڤی ئازاد ئەوەبێ لە ناو ئەو مانایانەی چونەتە ناو مێژووەوە واوەتر بچێ و مانایەکی دی بدۆزێتەوە بۆ خودی خۆی!خۆی هەڵنەداوەشێتە ناو چاڵە پڕکەتنەکانی ئایدۆلۆژیاوە،بگرە بەهاتنە دەرەوەی لەو چالأنە ،هەنگاو بەرەو ئازادی ئیرادەگەرییانەی خۆی بنێ ،چیتر نەبێتە پەڕاوێز بۆ هیچ چەقێك و خۆی ناوکۆکەی دنیای خۆی بێ و لە بری کەسی دووەم و سێیەم نایەتە ئاخافتن و وەکو کەسی یەکەم لە (منی من) ناپرینگێتەوە و لەو هەنوکەییانەدایە دێتە گۆ !

کەسی ئازاد ناتوانێ ببێتە کۆیلەی کەس و لە دەستیشی نایەت کەس بکات بە کۆیلەی خۆی ! کەسی ئازاد ناتوانێ (ساتۆرن)*ئاسا مناڵەکانی خۆی بخوات و ، غەم ساردبێت لە بەرامبەر غەمەکانی ئەوانی دیدا.

لەو میانەدا کۆمەکی تۆ بۆ من ئەوەیە:چیدی مەیەڵە لوتی من لە بری تۆ بۆن بکات .چاوی من لە بری تۆ بڕوانێ .گوێم لە بری تۆ ببیستێ .زمانی من لە بری تۆ بدوێ .سیەکانم لە بری تۆ هەڵبمژێ . پەنجەکانم لە بری تۆ دەست لە شتەکانەوە بدات.تا نەیەڵیت زین بنێمە سەرپشتت وتا نەیەڵم زین بنێیتە سەر پشتم! ئاخر تا سنووری جیاوازییەکانی (منی نێرینە) و (تۆی مێینە) نەناسین و تێینەگەین، ئەوا نازانین لە کوێدا یەکبین..و بۆچی یەکبین..و لە چیدا یەکبین !؟ گەر یەکیش بگرین ، یائاشتیش بین ، شتێك نیە جگە لە : (ڕاوگە..وساختەبازی..ودرۆ..ناکاملی..و زۆرە ملێی ناچاری ) نەخوازەلا ( ئێمەی ڕۆژهەلاتی کە سەربەخۆیی تۆمان پێ قوتناچێ،کەچی مایە پوچانە دادگایی ڕۆژئاواش دەکەین!؟)ئەقلی خۆت بەکاربهێنە وەکو خۆت تا ئەقلی خۆم بەکاربهێنم وەك خۆم .تەنها (نا)ی ڕاستەقینەی خودی خۆتە –دەکاتە– خۆجیاکردنەوەیەکی کەینونیەتە خۆڕسکەکانت ،،لە قەڵەمڕەوی کەینونیەتە خۆڕسکەکانی ئەویدی و ،ئافەریدە کردنی هاوکێشە هاوتاکەی ( ئیرادەیەکی ئازادیشە ) لەو نێوەدا ! چونکە :

- ڕۆشنگەری (من) سەرومڕ وا لە خودی خۆمدا
- ڕۆشنکەری (تۆ) سەرومڕ وا لە خودی خۆتدا
- ڕۆشنگەری (ئەو) سەرومڕ وا لە خودی خۆیدا

+ تۆ دەڵێی چی :

- داخوا بەو نۆرمانەی کە ڕوو لە کرانەوەن ، دەتوانین هەبونایەتی مرۆڤانەی خۆمان بپارێزین ؟

* ساتۆرنی خواوەند منالەکانی خۆی دەخوات–واتە–کانیبالیزم ،کە لە تابلۆی هونەرمەندی ئیسپانی (گۆیا)دا هاتووە.